ROJî GEl , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

ژووانگه

# دیلبەر هێما: هەڵبەست بۆ من ژیانێکی ڕەنگینە

**دیلبەر هێمای** شاعیر لە دیدارێکدا لەگەڵ سالحێ کەڤربری دا گوتویەتی: ' هەڵبەست بۆمن ژیانێکی ڕەنگینە'

دوای ئەوەی دیلبەر هێما یەکەمین دیوانی هەڵبەستی خۆی لەژێر ناوی **مەدوسا** دا بڵاوکردەوە، ناوو ناوبانگێکی زۆرتری پەیدا کرد، ئەم دیدارەش دوای بڵاوبوونەوەی دیوانەکەی لەگەڵیدا ئەنجام دراوە.

**پ: کەی دەستت بە نووسین کرد؟**

وەڵام: مخابن سەرەتا بە تورکی دەستم بە نووسین کرد، هەژدە ساڵ بووم کە دەستم بەنووسین کرد، هەر کەس لەم وڵاتەدا بژی، دەزانێ کە نووسین بە زمانی کوردی ڕووبەڕووی ئاستەنگی دژوار دەبێتەوە، خوێندن بە زمانی تورکیە، هەروەها یەکەمین هۆکار ئەوەبوو کە خێزانی ئێمە لە گەڕەکی قزل تەپە دەژیان و دایکیشم بە تورکی دەئاخڤی.

**پ: بۆ دایکت تورک بوو؟**

وەڵام: نا، دایکم کورد بوو، بەڵام بە تورکی قسەی لەگەڵ دا دەکردم. من منداڵی دوایین بووم، پێموایە بۆیە دەیویست بە تورکی قسەم لەگەڵدا بکات. لە بازاڕو خوێندنیش بە تورکی گەورەبووم.

**پ: کە بۆ یەکەمین جار دەستت بە نووسین کرد، هەڵبەستەکانت بڵاوکرانەوە؟**

وەڵام: هەڵبەت، ئەو کاتە لە قوسەرێ ڕۆژنامەیەک هەبوو ناوی پەرسپەکتیف بوو، یەکەمین هەڵبەستم لەوێ بڵاوکرایەوە. وەک لەبیرمە ناوی ( پەچەلی تۆپراک) بوو.

**پ: ئەگەر هەڵە نەبم دوای ١٨ ساڵی زمانی کوردی فێر بووی؟**

وەڵام: ڕاستە، لەسەرەتادا گوتم کە دایکم بە تورکی دەدوا، کەچی لەکوردی بێبەس نەبوم، باوکم بە کوردی قسەی لەگەڵدا دەکردم، بەهۆیەشەوە کوردی بە گوێم ئاشنا بوو، بەڵام کە بوومە ١٨ ساڵی لە دەوروبەرێکدا گیرسامەوە کە بەکوردی دەدوان، بەوهۆیەوە کوردی فێربووم.

**پ: کام ساڵ؟**

وەڵام: دەتوانم بڵێم ساڵی ١٩٩٨.

لەو دیدارەدا دیلبەر هێما جەختی کردۆتەوە کە بە هۆزانڤانانی ناودار جگەرخوێن، ئەحمەد حوسەینی، ئارژەن ئاری و فەقێی تەیران سەرسامە، لە نەوەی نوێشدا چێژ لە هەڵبەستەکانی ڕێناس ژیان، عیرفان ئامیدا و کەژاڵ ئەحمەد وەردەگرێ.



## مەدوسا

خوێن دەبێتە باران،
دەنەخشێنێ بە دڵۆپان
چاوەکانی ئاسکی ئاسک
لە وشک بوونەوەی خۆی
موکڕ دێ.
خوێن دەبێتە ژەهر
بە قژی مەدوسا وەدەدا
دەگری سەرنجی بن زەوی.
خوێن دەبێتە دەریا
لە خەونەکانی ئاریدا
کەفز دەگری
لە دەقەکانی دایک
لە شەوەکانی بی کۆڵان
کچێنی کچێک دەدزێ،
ئاسکی سرکەو
لە جیاتی وشەی گوتن
ئەستێرە لە ئاسمانان نامێنێ
دڵی کچێکی دلبەر
لە ماڵێکی وێران تەخشان دەبێ و
لەبەردەم مەدۆسادا
خوریزی ژیان دەجولێ
باران لە دوای خۆیەوە جێ دێڵێ
وشک بوونەوەی خۆی لە شاران
بار دەکات
ژەهر خۆی بە بارگرانی ولاتی سورگوڵ
ژەهراوی دەکات.

# ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکاو عێراق

ئەمڕۆ لە عێراقدا بابەتگەلێکی زۆر هەن کە گفتوگۆ و مشتومڕیان لەسەر دەکرێ، بەڵام لەهەموویان گرینگتر ڕێککەوتنە ئەمنیەکەی نێوان عێراق و ئەمریکایە. ئەم بابەتە نەک تەنها عێراق و ئەمریکای سەرقاڵ کردووە، بەڵکو وڵاتانی ناوچەکەو جیهانیشی تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردووە.

وەک دەڵێن چارەنووسی هاووڵاتیانی عێراق و کوردستان بەو ڕێککەوتننامەیەوە بەندە، کەچی جگە لە سیاسیەکان، هاووڵاتیانی ئاسایی بەقەد سەری دەرزی لە ناوەڕۆکەکەی ئاگادارن نین، یاخود سەری لێدەرناکەن. لایەنە عێڕاقیەکانیش ململانێ و کێشەی توندیان لەسەر ئەو ڕێککەوتنە هەیە، هەریەک بەشێوەیەک باسی لێوە دەکات.

هێندێکیان بەباش و پاشەڕۆژێکی گەش باسی لێوە دەکەن، هێندێکی دیکەش بەخراپ و چارەنووسێکی ڕەشی دادەنێن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ کام لە لایەنەکان تا ئێستا ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەیان وەکو خۆی بۆ عێراقیەکان ئاشکرا نەکردووە.

نوری ئەلمالکی و هەندێک لە سەرانی دیکەی حزبەکانی عێراق دەخوازن خۆیان لە ڕێککەوتنەکە ببوێرن، یان لانی کەم تا تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیۆ بووش دوای بخەن، چونکە گریمانی هاتنە کایەی پێشهاتی دیکە دەکەن.

هەرچی سەرکردایەتی کوردستانە بەهێزیکی زۆرەوە پاڵپشتی لەو ڕێککەوتنە دەکات و پێیوایە بەشێکی زۆری بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستانی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام دکتۆر مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق کە ساڵانێکی زۆرە وەک کەسایەتیەکی سیاسی کوردستانی دەرکەوتووە، ڕێککەوتنەکە بە مەترسی دادەنێ و پێیوایە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان بە بێ چارەسەر دەمێنێتەوە، لە حاڵەتی واژۆکردندا ئەمریکا هیچ گرەنتیەک بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان بە کوردستان نادات.

ئەم جیاوازی بۆچوونەی نێوان سیاسیەتمەدارانی کورد، گەلی کوردستانی دووچاری هەراس و نیگەرانی کردووە، بۆیە بەشێک لە کوردستانیان پێیانوایە کە سەکردایەتی سیاسی کوردستان تەنها بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئەمریکیەکان لەبەرانبەر کێشەی کورددا پاڵپشتی لە ڕێککەوتنەکە دەکات، نەک بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکان!

کوردستانیان دەزانن کە لە رابردوودا زۆر جاری دیکە فێڵ لە کورد کراوەو کراوەتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی زلهێز، لەبەرامبەریشدا سەرکردەکانی کورد هەمیشە تۆمەتەکانیان خستۆتە ئەستۆی بەرامبەرەکەیان و هیچ کاتێک ئامادە نەبوە دان بە هەڵەو کەموکوڕیەکانی خۆی بهێنێ، بەڵام ئەگەر ئەمجارەشیان پێچەوانە شکایەوە، ئایا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چۆن وەڵام دەداتەوەو کێ تۆمەتبار دەکات؟!

**سەرنووسەر دەینووسێ**

# فیلمی کوردی گەڕۆک لە بەریتانیا

ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی فێستڤاڵی فیلمی کوردی گەڕۆک لە باکوری خۆرئاوای بەریتانیا بەڕێوە دەبات.

دوای ئەوەی سێیەم فێستڤاڵی فیلمی کوردی لە شاری مانچستەر بە سەرکەوتوویی کۆتابوو، بریاروایە ئەمڕۆ یەک شەممە ١٦-١١-٢٠٠٨ لە شاری بۆڵتن دووپات ببێتەوە، ڕۆژی ١٩ی مانگیش سەردانی شاری ساڵفۆرت دەکات و لە پێنجەمین فێستڤاڵی فیلمی ساڵفۆرد بەشداری دەکات. هەروەها ڕۆژی ٢٣ی مانگ دەچێتە شاری بێری، دواتریش ئۆڵد ترافۆرد و ویگن بەسەر دەکاتەوە.

ئەو فیلمانەی کە لەو ڤێستڤاڵەدا بەشداری دەکەن بریتین لە:

**پەڕینەوە لە غوبار** لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین.

**باوکە** لە دەرهێنانی هیشام زەمان.

**پەنجەرە** لە دەرهێنانی خالد حەمەلاو.

**باران** لە دەرهێنانی هاوڕێ بەهجەت.

**ژان** لە دەرهێنانی هانا نامداری.

**کچی دووکانەکە و شوێنێکی تاریک** لە دەرهێنانی ئالان ئەمین.

وەک دەگوترێ ناوەندی داهێنانی فیلم، بۆ ئاشناکردنی شارستانێتی کوردی بە شارستانێتی نەتەوەکانی تر و لە پێناو دروستکردنی پلاتفۆرمێک بۆ فیلم سازانی کورد دامەزراوە.

# ئەڵمانیا داوای ٨٧ تابلۆ دەکاتەوە

ساڵی ٢٠٠٧ چەند وڵاتییێکی ئەڵمانی لە سەردانیاندا بۆ مۆزەخانەیێکی ئۆکرانیا، بۆیان دەرکەوت کە ژمارەیەک تابلۆی نیگارکێشانی ئەڵمانیای کەهی مۆزەخانەی شای ئاخنن لەوێ دا پارێزراون، بۆیە دوای هاتنەوەیان بۆ ئەڵمانیا لەرێگەی ئینتەرنێتەوە مۆزەخانەی شاری ئاخنیان ئاگادارکردەوە.

جێگەی ئاماژەیە ئەو تابلۆاینە لە سەردەمی دووەمین شەری جیهان بزر بوونە، ئێستا لە مۆزەخانەی سیم فرۆیلی ئۆکرانیادان، بەرێوەبەرانی مۆزەخانەی ئاخنی بەو هەواڵە خۆشحاڵ بوون، چونکە پێیانوابوو بەهۆی شەڕەوە فەوتاون، ئێستا دوای ئاشکرابوونیان ئەڵمانیا داوای گێڕانەوەی ئەو ٨٧ تابلۆیە دەکات، بەڵام بەرپرسانی مۆزەخانەی سیم فرۆیل دەڵێن بەهۆی شەڕەوە زیانیان بەرکەوتووە، هەزاران تابلۆو شتی مێژوویی لە دەست داوە، هەرچەندە ئەو تابلۆیانە ئەو زیانانە قەرەبوو ناکەنەوە، بەڵام دیسانیشەوە ئامادەنین بۆ مۆزەخانەی ئاخنیان بگێڕنەوە.



# باهۆز سینەماکان دەخرۆشێنێ




فیلمی باهۆز لە دەرهێنانی کازم ئۆز لە سینەماکانی تورکیادا پێشان دەدرێ.

باهۆز بەرهەمی دەرهێنەری کورد کازم ئۆزە، پێرێ هەینی ١٤-١١-٢٠٠٨ بۆ یەکەمین جار لە سینەمای تورکیا پێشان درا.

باهۆز باس لە تێکۆشانی لاوانی کورد لە ساڵی ١٩٩٠ دەکات. فیلمەکە گێرانەوەی سەربردەی دەستەیەک لاوی کوردە کە لەنێو شاری ئیستەنبوڵ دا دەژین.

دوای فیلمی فۆتۆگراف، ئەمجارەیان کازم ئۆز بە فیلمی باهۆز سەرنجی خەڵک بەلای خۆیەوە رادەکێشێ، چونکە یەکەمین جارە لە فیلمێک دا باس لە تێکۆشانی لاوانی کورد لە ئیستەنبوڵ بکات.

فیلمی باهۆز لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە کارەکانی تەواو ببوو، بەڵام تا ئێستا پێشان نەدرابوو، لاوانی باکوری کوردستان سەبارەت بەو فیلمە شتێکیان بیستبوو، بەڵام ئێستا لە سینەماکاندا پێشوازی لێدەکەن.

فیلمەکە باس لە چیرۆکی تێکۆشانی دەستەیەک لاو بەناوەکانی " جەماڵ، ڕۆژدا، ئۆرهان دەکات.

لەم فیلمەدا جەمال دوای ئەوەی لە ئەزموونی زانکۆ سەردەکەوێ، دەچێتە شاری ئیستەنبوڵ و بە کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەر ئاشنا دەبێ. جەمال پاش ئەوەی لەگەڵ کەسێک بەشەڕ دەێ و پرسی ناسنامەی خۆی لەلای دروست دەبێ و بە دوایدا دەگەڕێ.

جێگەی ئاماژەیە کە جیهات گۆک، هاڤین فوندا ساچ، سەلیم ئاکگول، ئاسیە دینچسۆی و چەندین هونەرمەندی دیکە بەشداریان لەم فیلمەدا کردووە، بەهۆی ئەوەی کە فیلمێکی ڕامیاریەو بابەتێکی هەستیاریشی وروژاندووە، چاوەڕوان دەکرێ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێ و پێشوازییێکی بەرفراوانی لێ بکرێ.

**دیلمان ئامەدی**

# زوبێر ساڵحی گۆرانیبێژ کراسی عیشق لەبەر دەکات




سترانبێژی دەنگخۆش زوبێر ساڵح دوایین بەرهەمی خۆی بەناوی کراسی عیشق بڵاوکردەوە.

ئەم بەرهەمەی هونەرمەند لە ١٠ تراکت پێکهاتووە، تێکستی هەندێک لە گۆرانیەکانی لە هۆنراوەکانی کاوە شێخ، کەریم ئەحمەد، مزگین بەنگۆ و هەڤراز حەسکۆ وەرگیراون، بەڵام زوبێر ساڵح بۆ خۆیشی هۆنراوە و ئاوازی بۆ هەندێک لە گۆرانیەکانی داناوە.

گۆرانی تە سۆز دایە لە هۆنراوەو ئاوازی خۆیەتی.

ئەم '**سێ دێ**'یەی زوبێر ساڵح جیاوازی لەگەڵ ئەوانەی پێشوی هەیە، کاک خەڵات ئەحمەدی شاعیر چەند هۆنراوەیەکی خوێندۆتەوە، بەوهۆیەشەوە بەرهەمەکە ڕەنگین تر بووە،. چونکە هۆنراوەکان بە دەنگێکی نەرم و ئاوازێکی دڵڕفێن لە دەرگەی دڵی گوێگران دەدەن و جێگەی خۆیان دەکەنەوە.

زۆربەی ئەوانەی گوێیان لەو 'سێ دی'یە گرتووە، پێیانوایە کە هونەرێکی نوێ دەکار کراوە، هونەرمەند زۆر زیرەکانە هۆنراوەکانی هەڵبژاردووە، ئەمەش وایکردووە کە زیاتر جەماوەر بەلای خۆیەوە رابکێشێ

جێگەی ئاماژەیە کە سێ خانم بەناوەکانی، خەڵات، لەیلا و بێریڤان لە هەندێک گۆرانیدا وەک کۆرس هاوکاری لەگەڵ داد ەکەن، هارمۆنی دەنگ تەواو دەکەن.

**شەهلا**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com